کۆنگرەسی ئەمریکا پیت هێگسێس وەکو وەزیری بەرگریی وڵاتەکە پەسند کرد

ئەنجوومەنی پیرانی ئەمریکا بە جیاوازیی یەک دەنگ پیت هێگسێس، بەربژێری دەناڵد ترەمپی وەکو وەزیری بەرگریی ئەو وڵاتە پەسند کرد.

ڕۆژی هەینی 24ی کانوونی دووەمی 2025 ئەنجوومەنی پیرانی ئەمریکا بە دەنگدان لەسەر پیت هێگسێس بە بوون بە وەزیری بەرگریی ئەو وڵاتە کەبوویەوە.

لە کەی 100 ئەندامی ئەنجوومەنی پیران، 50 کەس بە "بەڵێ" و 50 کەسەکەی دیکەش بە "نەخێر" دەنگیان دا، بەڵام دواجار هێگسێس بە دەنگی جێی دی ڤانس، جێگری سەرۆکی ئەمریکا، کە هاوکات سەرۆکی ئەنجوومەنی پیرانە، وەکو وەزیری بەرگری پەسند کرا.

لەنێو ئەو 50 کەسەی بە "نەخێر" دەنگیان بە هێگسێس دا، هەریەکە لە لیزا مورکووسکی، سوزەن کۆینز و میچ مکۆنێل هەبوون کە هەرسێکیان کۆمارین و پێیان وایە هێگسێس شیاوی ئەو پۆستە نییە و توانای بەڕێوەبردنی نییە.

هەگسەس لە گاردی نیشتمانیی ئەمریکا ئەفسەر بووە و لە ئەفغانستان و عێراق خزمەتی کردووە، لە ساڵی 2014 لەگەڵ کەناڵی فۆکس نیوز دەستبەکار بوو، پێشکێشکاری بەرنامەکانی (Weekend Friends and Fox) و (Fox Nation) بووە.

هەگسەس بە کەسێکی بە ئەزموون لە بواری بەڕێوەبردن دادەندرێت و لەنێو ئەمریکاش ڕەخنەی تووند لە ترەمپ گیرا بەوەی کەسێکی دیکەی بە سەرکردایەتیی پێنتاگۆن بەربژێر نەکردووە بەئێوەی سەرپەرشتیی 4.3 ملیۆن کارمەند بکات.

هەگسەس لە ساڵی 2017 لە کالیفۆرنیا بە تەمەتی دەستدرێژیی سێکسی لەکەینەوەی لەگەڵ کراوە.

دوای پەسندکردنی، هەگسەس ئەو ڕەخنانەی کە ئاراستەی دەکرێن بە "هەمەتی چەواشەکاریی هاوئاهەنگ" ناوبرد.

هەگسەس ئەزموونی شەڕکردنی لە عێراق و ئەفغانستان هەیە و پلەی ڕائیدی لە ریزەکانی سوپای نیشتمانی بەدەستهێناوە، بەڵام بەراورد بە جێنەراڵ و ئەدمیراڵەکان، پلەیەکی نزمە و ناگاتە ئاستی ئەوانەی پێشتر بوونەتە وەزیری بەرگری.

هەگسەس لە زانکۆی پرینستن لە ئەمریکا بەکالۆریۆسی بەدەستهێناوە و لە زانکۆی هارڤەردی هەمان وەات، ماستەری وەرگرتووە.

ئەوەی بووە هۆی سەرنجڕاکێشانی ترەمپ، قسە ڕاشکاو و تووندەکانی بوو، کە وەکو پێشکێشکار لە کەناڵی فۆکس نیوز دەیکردن.

لە ساڵی 2019 هەگسەس لە بەرنامەیەکی فۆکس نیوزدا کوردی بە هاوپەیمانی ئەمریکا ناوبرد و ڕایگەیاند، "دەتوانین ئەرکی خەمان لە دووریشەوە بەجێبگەیەنین و لەگەڵ هاوپەیمانەکانمان لەوە [عێراق] کاربکەین، وەک کوردەکان."